# جۆن ستیوارت میل

## بیلۆگرافیای ژیانی

لەفارسییەوە: مادح ئەحمەدی



١٨٠٦- جۆن ستیوارت میل لە ٢٠ی مانگی مای لە لەندەن لە دایك بوو.
١٨٠٧- وۆردزۆرس دیوانی شیعرەکانی لە دوو بەرگدا بڵاوکردەوە. هێگل دیاردەناسیی رۆح بڵاو دەکاتەوە.
١٨١٧- میلی زووپێگەیشتوو لەژێر چاودێریی باوکیدا، واتە جیمز میل، دەستی کرد بە نووسینی مێژووی رۆم.
١٨٢٤- لە کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵاتی دەست بەکار دەبێ.
١٨٢٦- تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێ.
١٨٣٠- عاشقی هەرییت تیلۆر دەبێ، کە مێردی هەبوو و لەبەر چاوپۆشی مێردەکەی(جۆن تیلۆر)، پێوەندییەکی ئەفلاتوونیی لەگەڵیدا دەبەستێ.
١٨٣٢- یەکەم یاسای چاکسازی.
١٨٤٣- (سیستمی لۆژیك) بڵاودەکاتەوە.
١٨٤٨- لە سەرتاسەری ئەوروپا زنجیرە شۆرشێك دەستپێدەکات. مارکس و ئنگلس (مانیفێستی کۆمۆنیستی) بڵاودەکەنەوە. میل (سیستمی ئابوری سیاسی) بڵاودەکاتەوە.
١٨٤٩- مێردەکەی هەرییت، واتە جۆن تیلۆر کۆچی دوایی دەکات.
١٨٥١- میل لەگەڵ هەرییت تیلۆر زەماوەند دەکات.
١٨٥٧- شۆرشی هیند.
١٨٥٨- کۆمپانیای هیندی رۆژهەڵات هەڵدەوەشێتەوە. میل بە مووچەی مانگانەوە خانەنشین دەبێ و لەگەڵ هەرییت بەرەوە فەرەنسا کۆچ دەکەن. هەرییت لە ئاوینیون لە پاشوری فەرەنسا تووشی ئازارەباریکە دەبێ و دەمرێ.
١٨٥٩- داروین (بنەمای جۆرەکانا‌صل انواع) بلاو کردەوە. میلیش (لەبارەی ئازادییەوە) بلاودەکاتەوە.
١٨٦١- شەری ناوخۆ لە ئەمریکا: میل بەپێچەوانەی رای گشتی لە بەریتانیا هانی پشتیوانی لە باکور دەدا. سوودگەرایی بڵاو کردەوە.
١٨٦٥- لە ڤێست مینستر بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا.
١٨٦٧- دووەمین یاسای چاکسازی
١٨٦٨- لە هەڵبژاردندا دۆڕا و کورسییەکەی پارلەمانی لە دەست چوو. گەڕایەوە بۆ ئاوینیون و زڕکچەکەی، واتە هلێن ئاگای لێ دەبوو.
١٨٦٩- (کۆیلەتیی ژنانی) بڵاوکردەوە. کرانەوە کاناڵی سویز.
١٨٧٣- میل لە تەمەنی (٦٦)ساڵیدا لە ئاوینیون کۆچی دواییکرد.